شیعر

# گوێگرتن لە بێدەنگی

عەبدولقادر سەعید

٢٠١٦

ناوی کتێب: گوێگرتن له بێدەنگی
نووسەر: عەبدولقادر سەعید
بابەت: شیعر
پیتچنین: بنار هیدایەت
مۆتیڤەکان: هەردی عەلی، داگرۆڤ، کوژاك، رۆپەر، مایت.
دیزاینی بەرگ و ناوەرۆك: حیکمەت مەعروف، ئالین دیزاین
نۆبەتی چاپ: یەکەم
تیراژ: ٥٠٠ دانه
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردنی (          ) ی ساڵی (٢٠١٦) پێدراوه

**ئەم کتێبه شیعریيه، به دڵسۆزی مامۆستایان**

**حکمت معروف و بنار هیدایەت، بەرهەم هات.**

## پێشەکی

نووسەر وەك كاراكتەرێك لە ڕووداوەكاندا، جیاوازە لە دەربڕینی هەستی نووسەرێك بۆ ڕووداوەكان، وەك ئەزموونێكی ئەدەبیی لە بەشداریكردنی جەنگی دژ بە تیرۆریستانی داعشدا بەشی زۆری ئەم كتێبەی بەرهەمهێنا، كە هەڵوێستێكی شاعیرانەیە بۆ ستەمكاری جەنگ، كە بەدەیان تیۆری دژە مرۆڤ بەهانەی بۆ دەهێننەوە.

شیعر بە تەنیا تەماشاكەری ئەم كارەساتە نییە، هەروەكو بە تەنیا هەڵوێستی وەرگرتنی ڕادیكاڵانەش نییە، بەڵكو تێڕوانینێكی هونەری و جوانناسییە بۆ ئەو دیاردە جیهانییە كە لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە تائێستا دزێوترین ئاكاری مرۆڤە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی، تەنانەت هاوكاری میتۆدی ئەو زمانەیە كە وشە و ڕستە و وێنە و دەستەواژەی گرژ بەرهەمدەهێنێت و دەبێتە هۆكار بۆ كۆمەكی زمانی لە یەك تێنەگەیشتن.

نمونەی سەركەوتوو، ژێركەوتوو، باش و خراپ، ترسنۆك و ئازا، قوربانی و جەلاد، دوو كاراكتەری دژ بەیەك نین، بەڵكو تێكەڵەیەكی كۆمەڵایەتی و ئایدیایین، پێویستیان بە یارمەتی یەكتر هەیە بۆ دیالۆگ و لەیەك حاڵی بوون.

جەنگەکان لە ئەنجامی جیاوازییەکانەوە دەردەکەون و بەرژەوەندیخوازەکان فۆرمۆڵەی دەکەن و دەیخەنەبازاڕی بەرژەوەندییەکانیانەوە، جەنگی نێوان دوو جیاوازی سادە تادەگاتە جەنگە ئاڵۆزە جیهانییەکان، کە شیعرییەت لە نێوان جەنگاوەرەکاندا نامێنێت و دەبێت بەوەهمێکی رووت. نەیارەکان دەیانەوێت لەناومان بەرن کە هێشتا بیر لە خاڵی هاوبەشبوونمان ناکەنەوە.

خۆر گەیشتەسەر
زەوییە شەقار شەقارەکە
با سەنگەرەکانمان جێبێڵین
نەیارەکان تینووی خوێنن

رەنگە تفەنگەکانمان پێ بێدەنگ نەکرێن، بەڵام هەستی بێدەنگکردنی تفەنگەکان کاری شاعیرەکانە. هەموو تراژیدییە گەورەکان بە کۆمیدیایەکی گەورەتر دەورە دراون، جەنگەکان بە هەردوو شێوەدا پڕن لە تراژیدیای جۆراوجۆر و کۆمیدیای جۆراوجۆر، زمانی شیعر لەم مەیدانەدا یاری تایبەتی خۆی هەیە.

دیوێکی تری ئەم کتێبە مەسەلەی ژن و ئازادییەکانێتی، کە هەمیشە پێوەری پابەندبوونی ژیانی راستەقینەن بە کات و شوێنەوە، بەهەند وەرگرتنی ئەم

مەسەلەیە رێك بریتییە لە ریتمی شیعرییەتی ژیان، کە لە پاڵ هەموو نەهامەتییەکاندا، هەژاری و بێکاری و ئاوارەبوون و مەترسییەکانی تر، ژنان دەتوانن هاوسەنگیی ژیان رێکبخەنەوە، هەوڵی بێنرخکردنی هەستی خوێنڕشتن بەشێکی تری هەستی ژنانەیە کە هاوتەریبە بە شیعریەتی هەستە جوانەکان، کە لە دید و تێڕوانینی جەنگاوەران بە دیوێکی پێچەوانەدا ئاراستە دەکات.

ئەی بەرد
دەنگە دەنگی تۆ ناهێڵێ
قریشکەی ئەو
ژنە رۆژهەڵاتییانە ببیستم

کەواتە شیعرییەت رێك لەگەڵ جوانییەکاندا یەکانگیرە بەلای کەمەوە بۆ کۆمەکی هەستی بێدەنگکردنی تفەنگەکان ...

●●●





١

جەنگ واتە:

لە یەکتێنەگەیشتنی دوو تاشەبەرد.



٢

جەنگ

حەقیقەتێکە،

تێکەڵە لە گاڵتەجاڕی.




٣

بڕیارە سپێدە هێرشبەرین ..

لەوە نیگەرانم وێنەکەت،

خەڵتانی خوێن بێ،

لە گیرفانما!



٤

لە شەڕگەدا تێکەڵ دەبووین
بەڵام بەوەدا دەماننناسینەوە
میلی کاتژمێرەکەی دەستیان
١٤٣٧ ساڵ
گەڕاندبۆوە بۆ دواوە.



٥

نێوانمان به تەنیا
چەند مەترێك زەوییە
کەچی سەدان میل رق،
کەوتۆتە نێوانمان.



٦

قەرەوڵی تفەنگەکەت
خستۆتەسەر دڵی نەیارەکەت
بەڵام تۆ دڵێك دەپێکیت
سەدان فرسەخ لە جەنگ دوورە.



٧

ئازاد دەبین
زنجیرەکان ژەنگ هەڵدێنن و دەڕزێن
کوردستان دەچێتەناو جامی جیهانی و
کۆنفرانس و کۆنگرە جیهانییەکان.
ڕۆژگارێك کە کەس تاقەتی خوێندنەوەی
ڕۆمانی ئەنفال و
داستانی هەڵەبجە و
کەرنەڤاڵی کۆڕەوی نییە.



٨

لەودیو بستۆکەوە دوژمن

لە ئێمە دەڕوانێت

تا بزانێ،

چەند تورە و دڕندەین.



٩

ئەم بەیانییە بەرەی جەنگ ئارامە
لەوە دەچێت،
جەنگاوەرەکان خەریکی خوێندنەوەی،
ئەو کورتەنامانە بن
کە ژنەکانیان،
بۆ سەرزەنشتکردنیان ناردوویانە.



١٠

با – سەنگەرەکان دەپشکنێت
ناسنامەی کوژراوەکان هەڵدەداتەوە
ناوی باشورییەکان دەباتەوە بۆ باکور
ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ڕۆژئاوا
ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕۆژهەڵات
باکورییەکان دەباتەوە بۆ باشوور
با – یاری بەو ناوانە دەکات
کە ئێمە شانازییان پێوە دەکەین.



١١

تۆ دەڵێی چی هاوڕێم
با سەنگەرەکانمان جێبێڵین
ئێستە لەوێ
منداڵێ چاوەڕوانی
گەڕانەوەی باوکی دەکات!



١٢

گۆڕەپانەکانی جەنگ

قەشمەرخانەی،

ئەو پۆلە باڵندانەن

کە بەسەریاندا گوزەر دەکەن.



١٣

دەبێ لە باخچەی ساوایانەوە

نەوەکانی جەنگ

بە گۆرانی رابهێنرێنەوە.



١٤

مارشە سەربازییەکان

تەنها زەوقی ئەتککردنی،

دایکی یەکتریمان، بەهێز دەکات!



١٥

جەنگ دەتوانێت

ناوی دەیان هەزار جەنگاوەر تۆمار بکات

وەلێ ناوی کەسی پێناسرێتەوە.



١٦

لە جەنگدا

دایك و خوشكی نەیارەكان

بە رووتوقووتی دەبینین

دایك و خوشكەكانی خۆیشمان

دەست بەنزا، بەرەو رووی خوا!



١٧

جەنگاوەرەکان
دەستیان لە پۆڵا و
چاویان لە گڕ و
پەنجەیان لە زمڕووت و
قاچیان لە زێڕ و
عەقڵیان،
لە بێنرخترین میتاڵی زەوییە.



١٨

ژنە جەنگاوەرەکان
لە پیاوە جەنگاوەرەکان میهرەبانترن
هەر هیچ نەبێت
مەدالیای ملی کوژراوە نەیارەکان،
ناشکێنن ..
بە پۆستێکی خێرادا دەینێرنەوە
بۆ ژنە چاوەڕوانەکان.



١٩

درندایەتی مرۆڤ،

قەلەڕەشەکانی تاوانبار کرد

بە باڵندەیەکی شووم.



٢٠

له خەونمدا

نیشتمانەکەم ئازاد بوو

ئازاد دەبێ ..

ئەگەر هەموو خەونی ئاوەها ببینین.



٢١

نهێنی ئەمشەومان

ناوی تۆ بوو

حەزم دەکرد تا سپێدە پێکدادان بێت

تاکو زیاتر

گوێم لە ئاوازی شیرینی ناوی تۆ بێت.



٢٢

پێشمەرگەکان بە تەنها خۆیان ناجەنگن

هەر یەکێکیان لە چاوانیدا ئازیزێك

دوژمن لەگەڵ قەرەوڵی تفەنگەکەیدا

جووت دەکات!



٢٣

جەنگی نێوان من و تۆ

بچوککراوەی جەنگێکی جیهانییە!



٢٤

عەقڵ لە پاڵ گابەردێکدا

خۆی حەشار دەدات


تا نەکوژرێت

کاتێ کە جەنگ دەست پێدەکات!



۲٥

**رۆژگارێك مەیدانی جەنگ بێدەنگ دەبێت**
**قوربانیانی هەردوولا لە یەکتر جیاناکرێنەوە،**
**چونکە بەرائەتی چاوی هەموویان**
**لە یەك دەچن.**



٢٦

بۆ ئەوەی بزانیت

دوژمنەکەت چەند دڕندەیە

دەبێ بزانیت

خۆت چیت ... لە ئەو دەچێت!؟



٢٧

لەو جەنگەدا پێکراوم
خوێن لە برینەکەم دەچۆڕێت
لێڵایی بەسەر وێنەکەتدا دێت
پەنجەکانم دەلەرزن
ببوورە بۆ دواینجار ناتوانم
لەسەر بەردی هەڵچنراوی سەنگەرەکەم
بۆت بنووسم
خۆشمئەوێیت.



٢٨

مەترسی وا لەسەر خاکی نیشتمان
جگە لە چەکەکەی دەستی
پێشمەرگە بەو عەشقەوە شەڕ دەکات
کە چاوەکانی ئەو
ڕەزامەندیی داوەتێ بۆ بەرەی جەنگ.



٢٩

هەزار و ئەوەندەساڵە

ئەنفال لە دوای ئەنفال

گەردنمان بە شمشێرەکانیان رادەهێنین.



٣٠

لە جەنگدا هەژارەکان

نیشتمان بە خوێن دەکڕنەوە

لە ئاشتیشدا،

دەیفرۆشنەوە بە نان.



٣١

له جه‌نگدا

ده‌توانین بیر له هه‌موو شتێك بكه‌ینه‌وه

جگه له خۆمان.



٣٢

خەونی هەموو جەنگاوەران

لە یەك دەچن

بە تایبەتی خەونی پەشیمانبوونەوە،

لەو جەنگانەی بەناڕەوا

لەگەڵ ژنەکانیان بەرپایان کردبوو.



٣٣

(ئەوانەی ناتوانن عاشق بن،

هەرگیز ناشتوانن ئازاد بن)

هەردووکمان لە سەنگەرێکدا بووین

ئەو پێکرا

بە دەمی پڕ لە خوێنەوە

وەسیەتی بۆ ئەکردم

وەك ئەوەی بڵێت:



ئاگاداری نیشتمان،

ئاگاداری وەچەکانم،

ئاگاداری ئازادی .. بە

من بۆ ئەوەی،

وەسێتەکانی جێبەجێکەم

بووم بە پاسەوانی ئەو باخەی

کچ و کوڕی شەهیدەکان

دڵدارییان تێدا دەکرد.



٣٤

بۆ وێرانکردنی ئاوایی نەیارەکان

لەشکرەکەمان بەو رێیەدا تێپەڕین

کە مێروولەکان،

گوندە هاوچەرخەکانیانیان

تێدا بنیاد دەنا!



٣٥

دیموکراسییەت

خوێناویکردنی جیهانە

بە ناوی نۆژەنکردنەوەوە.



٣٦

پێویست ناکات نیگەران بین
لە چارەنووسی کەشتییەکانی جەنگ،
مادام  بە رووباری خوێنی هەژاراندا تێپەڕدەبن.



٣٧

سوپاس جەلاد

لەناو هەموو هاونیشتمانیاندا

بە تەنها تۆ گەواهیت

لەسەر نیشتمانپەروەریی براکەم دا.




٣٨

هێمنی گۆڕەپانی جەنگ

لە هێمنی،

پێش پەلاماردانی  ڕەوە دڕندەیەك دەچێت!



٣٩

ئاژێری بڵندگۆکانی جەنگ

ئاگادارکردنەوەی خەڵکییە،

لە درۆی سروودەکان.



٤٠

لەودیو سەنگەرەکەمانەوە

کرتەکرتی مشکێك

ئاگادارمان دەکاتەوە

مرۆڤەکان،

شەڕیان هێناوەتەبەر ماڵی ئاژەڵەکان.



٤١

جەللاد فەرمان بە مەرگ دەکات بڕوات،

دەڕوات.

فەرمان  دەکات بوەستێت،

دەوەستێت.

فەرمان دەکات بگری،

دەگری.

فەرمان دەکات پێبکەنێت،

مەرگ پێناکەنێت.



٤٢

جەنگ وا زوو دەستپێناکات

تا هەموومان مەشقی

وەڕینی سەگ و

لوورەی گورگ .. تەواو نەکەین!



٤٣

**سه‌ربازێکی نه‌یارمان به‌ دیل گرت**

**نامه‌یه‌کی دڵداریمان له‌ گیرفانیا ده‌رهێنا**

**سه‌رمان سوڕما!!**

**بێئه‌وه‌ی بیر له‌وه‌ بکه‌ینه‌وه‌**

**ره‌نگه‌ رۆژێك ئێمه‌یش به‌ دیل بگیرێین و**

**ئه‌وان گیرفانه‌کانمان بپشکنن!**



٤٤

جەنگ چیرۆکێکی درێژە
پێچەوانەی هەموو چیرۆکەکان
نەزانەکان لە سەرەتاوە و
زاناکان لە کۆتاییەوە دەیخوێننەوە!



٤٥

له بەرەکانی جەنگداین

ژنەکانمان،

وەڵامی زەنگی تەلەفۆنەکانمان نادەنەوە!

دیارە پێیانوایە رۆژگارێك،

جەنگ لەگەڵ ئەوانیشدا بەرپا دەکەین!؟




٤٦

ناگەڕێمەوە ماڵەوە

هەموو مەدالیای سەرکەوتنەکان

فڕێ دەدەم

کە ناتوانم دوژمنەکەم ئاشت کەمەوە.



٤٧

جەنگ کۆتایی دێت ..

سەردانی ماڵی هاوڕێ شەهیدەکانم دەکەم.

هیچم نییە پێیانبڵێم،

جگە هەڵبەستنی چیرۆکی ئازایەتیی ئەوان!؟



٤٨

له بەرەكانی جەنگ دەگەڕێمەوە

چەند شەرمەزارییە

مەدالیای فیشەكێ بە دیاری،

بۆ ملی كچەكەم بەرمەوە!



٤٩

مشکەکان

هاونیشتمانی ڕەسەنی ئەم خاکەن

لەناو جەرگەی بەرەی جەنگدا

ماڵەکانیان چۆڵ ناکەن!



٥٠

جەنگ کۆتاییهات ..

تفەنگەکان خرانە گەنجینەکانەوە.

موجاهیدەکان،

ریشە درێژەکانیان تاشی،

لەچکی ژنەکانیان توورِدا

منداڵەکانیان نارد بۆ،

خولی فێربوونی سەمای بالێ و ئۆپێرا،



**بەڵام هەژاری سەرلەنوێ،**

**بە نهێنی،**

**خەریکی کۆکردنەوەی لەچکی ژنە و**

**چاویشی وا لەسەر کردنەوەی قفڵە،**

**ژەنگاوەییەکانی گەنجینە و**

**داخستنی خولی فێربوونی سەمای،**

**باڵێ و ئۆپێرا جیهانییەکان.**



٥١

ئازار لە خەونەكانم دەتكێ

وەك چۆن خوێن،

لە پرچەكانتەوە دادەچۆڕا،

خوشكە شەهیدەكەم.



٥٢

لەو سەفەرەدا

سەرکەوتنی خۆم بیردەچێتەوە

لەبەر تێکشکانە جوانەکەی تۆ،

برا شەهیدەکەم!



٥٣

براکەم پاسەوانی سەرکردەیەکە

دەستی بە خوێنی

دەیان بەڵێن سوورە!



٥٤

کەس ناتوانێت

چیرۆکی دڕندایەتی خۆی لە جەنگەکاندا

بنووسێتەوە

نەوەك تاوانبار بکرێت بە شۆڕشگێڕ؟!



٥٥

ئاساییە کەس نەتوانێت حەقیقەت بڵێت
کەس کار بۆ حەقیقەت نەکات
کەس بیر لە حەقیقەت نەکاتەوە
کەس گوێ لە حەقیقەت نەگرێت
چونکە لە بازاڕە گەورەکاندا،
شوێنێ بۆ رازانەوە و فرۆشتنی دانەنراوە!



٥٦

یاسای سەربازی ئاوایە
نە بەسەرکەوتنی مەزن
نە بەتێکشکانی نەیار
فەرماندە نابێت پێبکەنیٚ
تەنها بە ئێمە نەبێت
کە لە پێناوی ئەودا دەمرین!؟



٥٧

ئەچم بۆ جەنگ

تفەنگەکەم سەر بەرەوخوار

ئەکەمە شان.

تا دوژمنە توڕەکانم بەم دیمەنە

دێنمە قاقای پێکەنین.



٥٨

دەیان تیرۆریستمان

نارد بۆ دۆزەخ

نازانین گەیشتن یاخود، نا

بەڵام دڵنیاین

بە گەیشتنی منداڵەکانیان

بە دەرگای دۆزەخی هەژاری!؟



٥٩

وەك پڵنگ
پەلاماریان داین
وەك شێر وەڵاممان دانەوە
لە جەنگی دڕندانەدا.



٦٠

لە بەرەکانی پێشەوەم
چەکی گیرفانم قەڵەمە
هەوڵئەدەم نەکوژرێم
تا ناوی تۆ
بەمەرەکەبی سپی
لەسەر بەیداخە ڕەشەکەی
ئەوان ئەنووسم!



٦١

سەنگەرمان لە یەکتر گرتووە

گۆرانییەك،

لە بڵندگۆی نەیارەکانمانەوە

پەنجەمان لەسەر پەلەپیتکەی

تفەنگەکانمان پێهەڵدەگرێت

تا چەپڵەی ئافەرین لێبدەین.



٦٢

گومانم هەیە لە جەنگ

تەنانەت جەنگە ڕەواکان

وەك گومان لەو مارەی

١٦ / ٣ / ١٩٨٨

خزاندمانە هەڵەبجەوە و

ماڵ بە ماڵ گەستنی.



٦٣

خۆر گەیشتەسەر

زەوییە شەقار شەقارەکە

با سەنگەرەکانمان جێبهێڵین

نەیارەکان،

تینوی خوێنن!



٦٤

حیزب لە مەترسیدایە
لە ژێر دارکاجەکاندا
سێرەیان لە یەکتر گرتووە.
من بەو مەلە ئازایانە سەرسامم.
لەسەر لق و چڵەکانەوە
ریقنە دەکەن بەسەر
ئەو سەربازە ترسنۆکانەدا.



٦٥

لەودیو  هێلی تەماسەوە
ئەڵاهو ئەکبەری بەیانی
رایچڵەکاندین
هەردوو نەیار
چەکەکانمان بە دیواری بێدەنگییەوە
هەڵپەسارد
نوشتاینەوە و سوژدەمان برد
پێکڕاش پەلەپەل رابووین و
سەنگەرمان لە یەکتری گرت.




## ٦٦

شۆڕش،
قومارخانەیەکی جەماوەری بوو.
جەنگاوەرەکان تیایدا دۆڕان و
فەرماندەکان تیایدا بردیانەوە
کێشەکە لەوەدایە
جەنگاوەرەکان ئازایانە
دان بە دۆڕاندنی خۆیاندا دەنێن
وەلێ فەرماندەکان
بوێری ئەوەیان نییە
دان بە براوەیی خۆیاندا بنێن!



٦٧

بەناوی بیرەوەری
شۆڕش،
وێنەی ئازادیخوازە لە خاچدراوەکانی خۆی
لە زیندانی چوارچێوەدا
جارێکی تر دەخنکێنێ!



٦٨

بەناوی هەموو مرۆڤایەتییەوە
داوای لێبوردن لەو گەلە گورگانە دەکەم
کە لە ترسی مرۆڤ
هەڵدێن و
بەچکەکانیان جێدەهێڵن !



٦٩

ئەی نیشتمانی بۆنخۆش
هەموو جەستەت
بۆنی عارەقەی ماندووبوونی
ئێمەی لێدێت
تۆ هێندە سارد نیت،
بێئومێدی ئێمەیە
دەتکاتە سەهۆڵبەندان



**تۆ هێندە گەرم نیت**

**قوربانیدانی ئێمەیە**

**دەتهێنێتە جۆش**

**نیشتمان خۆزگە بە تەنها**

**مشتێ گڵ و،**

**چەند خڕکە بەردێك ئەبوویت**

**لە دڵماندا**

**بۆ فڕێدان !؟**




٧٠

زمانێك تەنانەت
باڵندەی كۆچەری و
ئاژەڵە كێوییەكان دەیزانن
ئێمە چی تێناگەین
ئەوەندە نەبێت
" وریا بن مرۆڤ هات " ؟!




٧١

بالّندەکانیش وەك مرۆڤ
رەسەن یاخود ناڕەسەنن،
بە ئازادیش ناڕەسەنەکان،
ئولفەت بە قەفەزەکانیانەوە
دەگرن !



٧٢

کیسەڵ و بۆقەکان
پۆل
پۆل
لە کەنار گۆمە لیخنەکاندا
پەلە
پەل
دەخزێنە خوارەوە
تا مرۆڤ
بەو بێ متمانەییە
تەریق بکەنەوە !



٧٣

لە تاو قیڕەقیڕەکانیان

بە بۆقەکانمان دەووت:

تیرۆریست

لەم زەلکاوەدا کەچی،

هەریەکە لە سوڕپێکداین

تاکو پۆل پۆل

ببین بە بۆق!



٧٤

**ماڵتۆس ڕاستی کرد**

**با سەرزەوی نیوەی**

**خەڵتانی خوێن بکرێت.**

**کە جیهان سەرتاپا**

**وا لە ژێر کەڵبەی**

**چەند گەلە گورگێکدا.**



٧٥

بۆنی خوێن گەیشتۆتە

ئەستێرەکانی ژوور سەرمان

کەس لەوێ نایەوێت

رووبکاتە سەرزەمینی خوێناوی.



٧٦

زه‌نگی مۆبایلی ناو
گیرفانی هاوسه‌نگه‌ره‌که‌م،
گۆرانی جه‌ژنی له دایکبوونی که‌سێك بوو.
له‌به‌ر پیرۆزیی نیشتمان
که به جله خوێناویه‌که‌یه‌وه
ده‌ماننناشت.



٧٧

کۆبانێ

بارۆمەتری دڕندایەتیی مرۆڤە.



٧٨

**بۆ ئاگاداری:**

**ماڵەکانی کۆبانێی وێرانەخاک**

**دەرگا و پەنجەرە و چەپەریان نییە**

**هەموو دڵێ دەتوانێ سەربەخۆ**

**لە دەرگا نەدات و بچێتە ژوورەوە!**



٧٩

**سەرمایەداری شێرێکە پیر**

**هێشتا کەڵبەکانی دانەکەوتوون.**




٨٠

کرێکاری کانە زێڕەکان

لە من بەختەوەرترن

کە بە شوێن مەحاڵدا دەگەڕێن

بە ڕێکەوت

ڕەنگە ئەوان

پارچەیەك لە ئارەزووی

دڵی خۆیان بدۆزنەوە!




٨١

خوشکەکەم پاککەرەوەی ماڵان بوو

لەبەر بۆنی چڵکی دڵە ژەنگاوییەکان

وازی لە کارەکەی هێنا و

ئێستا بێکارە.



٨٢

کۆشکێ لە شار
مۆکێت لە ئاوریشم
دەرگا لە یاقووت
لۆکەرەکان تەژی لە ئەدرەسی بێکار
لە سەندیکای کرێکاراندا.



٨٣

مێژووی هەژاری
دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی
شوێن پێی یەکەم مرۆڤی سەرزەوی
لەسەر بەرد.



٨٤

کار نەبوو

خاوەنکار درۆی لەگەڵدا کرد

گەڕەك شاری تێگەیاند،

کە خاوەنکار درۆیان لەگەڵدا دەکات.

شاریش ولآت،

تا هەموو زانییان

کە خاوەن کارەکان درۆیان لەگەڵدا دەکەن.



٨٥

جیاوازی سیزیف و کرێکار ئەوەیە
ئەم بە کۆڵەکەیەوە دەیەوێت
سەربکەوێت و بێتە خوارەوە،
ئەو بە کۆڵەکەیەوە بێتە خوارەوە و
سەربکەوێتەوە.



٨٦

بۆ ئەوەی بژین
دەبێ رازی بین بەو قەدەرەی
کە پێی ناڕازیین!
ئەمە سەرەتای شکانی ئەو لەشکرەیە
کە خۆمان سەرکردایەتی دەکەین.



٨٧

درۆیه نان

له قورگی شێره ئازاکاندا بێت

وا له چنگی

خەزنەداره ترسنۆکەکاندا!




٨٨

قوڵایی برینی گوللە چەندە؟

قوڵایی برینی مردن چەندە؟

قوڵایی برینی دابڕان چەندە؟ .. لە چاو

قوڵایی برینی هەژاریی؟!



٨٩

ئاژێری کارگەکان

زەنگی دڵی سەرمایەدارەکانن،

وا توند لێدەدەن!



٩٠

**گوڵەکانی ئەم سەردەمە بۆیە بێ بۆنن**

**بەرژەوەندی کارخانەکان لەوەدایە**

**بۆنی گوڵ و جوانیی باخچە لێکجیاکەنەوە.**



٩١

**مێرووله‌کان دادپه‌روه‌رانه‌ تر کارده‌که‌ن**

**هه‌نگه‌کان دادپه‌روه‌رانه‌ تر به‌رهه‌مدێنن**

**له‌ چاو دابه‌شکردنی،**

**نادادپه‌روه‌رانه‌ی مرۆڤدا.**




٩٢

بۆ ئەو ڤایرۆسە دەگەڕێم

کە دژی بێکاریی دەجەنگێت

تا ئەو نەخۆشییە مەترسیدارەی پێبکوژم.



٩٣

سەرمایەداری قەفەسێکی پۆلایینە
بە یارمەتی راوچییە بەکرێگیراوەکان
جێی هەموو شێرەکانی تیادەبێتەوە.



٩٤

ئاژەڵە دڕندەکانیش

بێز لەلاشەی بۆگەنی بێکاری دەکەنەوە.



٩٥

لەم بازاڕە جەنجاڵەدا

لەبەر پاڕانەوەی دەوڵەمەندەکان

کەس هانای سواڵکەرەکان نابیستێ !؟




٩٦

گڕکانەکان بۆیە خامۆش نابن
زەمینلەرزەکان بۆیە ناسرەون
چونکە دڵە عاشقەکانی ناوگۆڕ
هێشتا لە لێدان نەکەوتوون.



٩٧

**ئامۆژگاری ئەو ژنەم بیرناچێتەوە**

**کە پێیوتم:**

**بچۆ ژێی کەمانی رۆحی ئەو پەیداکە،**

**وەختێ لە کڕینی،**

**دوا مۆدێلی ئۆتۆمبێل و**

**کۆشك و**

**جلە نایابەکانت ... بێزارە.**



٩٨

هونەر لەوەدا نییە
بۆنی چەند عەتری گرانبەها
لە ژووری نووستنەکەت دێت
هونەر لەوەدایە بتوانیت،
بۆنی هەناسەی ژنەکەت
لەوانیتر جیاکەیتەوە.



٩٩

شارەو شار

سۆراخی حەکیمەکانم کرد

پزیشکەکانم تاقیکردەوە

کەس وەك تۆ

ئەو دەزوولە باریکانەی نەدۆزییەوە

کە بە چاو نابینرێن و

هێز دەدەن بە لێدانی دڵ.



١٠٠

مەمکەکانت

دوو هەناری دەنك هەڵوەریوون

هەردەنکەی ڕۆژگارێك خستوویەتییە خوارەوە

هەر جارێ بەو ڕێیانەدا دەچمەوە کە پێکەوە

ڕۆژگارەکانمان تیا بەڕێکرد

بیری شیرینیی ئەو دەنکە هەنارانە دەکەمەوە.



١٠١

پیاوێکی رەبەنم
کەس دەست ناکاتە ملم و
دڵنەواییم ناداتەوە
بەڵام پەیکەرێك وا لە رۆحمدا
لە ئەو دەچێت ..



ئەو قسانە ناڵێتەوە،

کە بەم ڕۆژگارە دەیبیستێ

گوایە پیاوان هەموو

دڵپیس و

ڕەنج بە خەسار و

ژن کوژن.



١٠٢

ئەی بەرد
دەنگەدەنگی تۆ ناهێڵێ
قریشکەی ئەو
ژنە رۆژهەڵاتییانە، ببیستم.



١٠٣

دڵی تۆم بەراورد کرد

بە بەرد.

کە بە دڵنەرمی خۆی

رێگە بە هەمو جۆرە درەختێك دەدات

رەگ بە ناخیا شۆڕکاتەوە.



١٠٤

بە میهرەبانیت سەرسامم

کە تەنانەت

رەخنە لە بە هەڵە داخستنی

قۆپچەی کراسەکەشم دەگریت.



١٠٥

ژنەکەم ئێستا لە خەودایە

چەند ئەستەمە کە ناتوانم

بچمە نێو خەونەکانییەوە

هەست دەکەم،

بینینی زۆر خەونی جوانم لە کیس دەچێت.



**١٠٦**

**ژیانم بۆیە تاڵە**

**چونکە،**

**شیرینییەکانی تۆم بیردێنێتەوە**

**کە ئێستا ناتوانم بیانچێژم.**



١٠٧

دنیا زۆر گەڕام


نازانم

کام ماڵ لە کام ماڵ و

کام گوند لە کام گوند

کام شار لە کام شار و

کام وڵات لە کام وڵات خۆشترە؟




وەلێ دەزانم

هەرجێیەك چیرۆكی

عەشقی گەورەی تێدابێت

مەزنترین دەروازەی بەهەشت دەكەوێتە ئەوێوە.



١٠٨

ئەم بەیانییە بە گریانی ئەو خەبەرم بووەوە

پرسیم، وتیان:

بەیانیان ژنە رۆژهەڵاتییەکان

ئاوا گۆرانی دەڵێن.



١٠٩

دڵۆپەی باران دەژمێرم
بژاردنەکەم لێ تێکدەچێت
لە بژاردنی جوانییەکانیشتدا
هەر ئاوەها بووم.



١١٠

قاچەکانم بەدوومدا نایەن
بگەڕێمەوە.
(ئەوەندەم باسی هاتن)
بۆ لای تۆ کردووە
لە کن ئەندامەکانی جەستەم.




١١١

لەماڵەکەیدا

قەفەسێکی بۆ بولبولەکەی دروستکرد

تا بە ژنەکەی بڵێت:

(تۆ هی منیت)

ژنەکەی تێدەگات دەڵێت:

کەواتە پیاوەکە،

ئیدی زوو زوو ریقنەی

بولبوڵی ناو قەفەسەکە پاککەرەوە!



١١٢

بۆ زانین:

لەیلا و نەسرین و مارگرێت

سێ کچە شەهیدی ئازادیین

نیشتمان کاندیدیان دەکات

بۆ هەڵبژاردنی شاجوانەکانی جیهان.




١١٣

مۆبێل لە داری ئابەنووس
دیوار لە گزنگی هەتاو
باخچە لە گوڵی دەگمەن و
چەکمەجەکان پڕ لە وێنەی ژنی کوژراو
لە سەندیکای ئافرەتاندا.



١١٤

دایکم نانکەری ماڵان بوو
ئەو، ئەو چیرۆکانە دەزانێت
چەند بێڕێزی بەنان دەکرێت.



١١٥

بەناوی خواوەندەوە
تاڵانییان کرد
کچ و ژنەکانیان ناردە بازاڕ
چەقۆیان لەسەر ملی جەحێڵەکان
حەڵاڵ کرد
پیر و منداڵەکانیان لە ژیان ژێوان کردەوە
بەناوی ئەوانەوە ئێمەش
تفەنگە ژەنگاوییەکانمان پاککردەوە و
سەنگەرە رووخاوەکانمان هەڵچنییەوە.



١١٦

ڕۆژگارێك زانست

شەپۆلی دەنگەكان جیادەكاتەوە.

دەزانێت لە زاری منەوە ناوی تۆ،

لە ناوی هەموو شتە پیرۆزەكانی

سەرزەوی

زیاتر هاتووە.



١١٧

کەس هێندەی بازرگانەکان
بیر لە ژنەکانیان ناکەنەوە
کە لێیان دوور دەکەونەوە.
کەس هێندەی ژنی بازرگانەکان،
بیر لە تەنیایی ناکەنەوە
کە لە پاڵ مێردەکانیاندا
خەو دەیانباتەوە!



١١٨

بە هەردوو دەست
گۆڕەکەت هەڵدەکەنم
کێلەکانت تووڕ دەدەم
چاوەکانت دەخەمەسەر لەپی دەستم،
هەموو ئەندامەکانی جەستەت گرد دەکەمەوە.
(تەنیایی گۆڕێکی تەنگە)*
پێگەیشتنەوەی من و تۆ
پێویستی بە خەیاڵێکی داهێنەرانە هەیە.



١١٩

لە تەنیاییدا

بیر لە یەکتر و

لە کن یەک، بیر

لە تەنیایی دەکەینەوە.



١٢٠

دڵ بەردەوام لە ئێرەییدا دەوەستێت

کەواتە دەبێت بە دزی دڵمەوە

بیر لە تۆ بکەمەوە.



١٢١

خۆرئاواییەکان،

بێزار مەبن،

ئیتر کۆچبەرە خۆرهەڵاتییەکان

بەرەو لای ئێوە کۆچ ناکەن

کیشوەرێکی نوێیان لە دەریادا

دۆزیوەتەوە بۆ مردن.



**١٢٢**

**بە وەهمەکانمدا دەچمەوە**

**پڕن لە گیاکەڵەی باخێک،**

**کە ئێستا بۆم بژار ناکرێن.**



١٢٣

درەختێك لەتاو هێشووەكانی

بەدەستمەوە دەلەرزێت.

دەزانێت،

نابینا جوانییەكان نابینێت !



١٢٤

نهێنی دۆزینەوەی

کلیلی زیندانی غەریبیی

تەنها غەریبەکان دەیزانن.



١٢٥

نازانم چەند
باڵندەی رەنگینم دەفڕێ؟
بەڵام راهاتووم هەمیشە
دەرگای قەفەزی دڵ واڵا کەم.



١٢٦

**بەرد**

**مێژووی کەڵەکەبوونی بێدەنگییە.**

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

١. مەرگی بەختەوەری، شانۆگەری شیعریی، ١٩٨٤
٢. دەروازەی سێیەمی مێژوو یان ژنێك لەوپەڕی جوانیدا، چیرۆکە شیعر، ١٩٨٥
٣. تراژیدیای مەرگی پاکیزە، چیرۆکە شیعر، ١٩٨٦
٤. سەمفۆنیای خوێن، چیرۆکە شیعر، ١٩٨٧
٥. لە زیندانی فاشییەکاندا، قەسیدە، ١٩٨٨
٦. ئەنفال، قەسیدە، ١٩٨٩
٧. روانین، قەسیدە، ٢٠٠٠
٨. نامە کراوەکانی تاراوگە، کتێبیی شیعر، ٢٠٠٠
٩. پەیکەرێك لە وەهم، کتێبیی شیعر، ٢٠٠٢
١٠. کەلەگا، قەسیدە، ٢٠٠٨
١١. شاعیرێ وێنە دەکێشێ، کتێبیی شیعری، ٢٠٠٩
١٢. نیشتمان پڕە لە میلۆدی حەسرەت، کتێبیی شیعر، ٢٠١١
١٣. دوو بەرگی کۆبەرهەمی شیعریی، ٢٠١١
١٤. گۆڕ غەریب، رۆمان، ٢٠٠٧
١٥. فرمێسکی بەفر، رۆمان، ٢٠١٢
١٦. پاکیزەکانی بیابان، رۆمان، ٢٠١٤
١٧. گوێگرتن لە بێدەنگی، کتێبی شیعریی، ٢٠١٦